# "له تۆپزاوا کاتێك وتیان کچه گەنجەکان جیادەکرێنەوە کچێك لەتاودا شێت بوو"

ئا: عەرعەر



سەربووردەو حیکایەتی ژیان و ژیانی ناو بەندینخانەو رووداوەکانی ئەنفال بەشێکن لە ژیان و یادەوەری ئەو کەسانەی بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن یەکێك لەو کەسانەی بەر پەلامارەکە کەوت شوکریە محەمەد ئەمین تەمەنی 50 ساڵەو خەڵکی گوندی (عەلی مستەفا)ی ناوچەی گەرمیانە، لەئەنفالی (3)دا وەکو چەندان گوندیی تر گەیشتۆتە دووبز، ئەو شوێنەی کەمپی کۆکردنەوەی زۆربەی ژن و منداڵەکان بوون.

**عەرعەر: دەتوانی باسی چۆنێتی دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالی گوندەکەتانمان بۆبکەیت؟**

شوکریە محەمەد: ئێمە لەگوندەکەی خۆمان بەوپێیەی لەسەر جادە بوو ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە دەهاتنە ئەوێ، بەوهۆیەوە زۆرجار فڕۆکە بۆردومانی کردوین و چەندین

شەهیدیشمان هەیە، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە ماوەیەك ئەوەندە بۆردومان دەکراین نەماندەتوانی لەوێدا بژین، بۆیە لەسەرەتای مانگی نیساندا یانزە ماڵی ئەویٚ چووینە شاخی (گۆلەمۆ) لەپشتی گوندەکە نزیکەی حەوت رۆژێك لەویٚ بووین.

**عەرعەر: ئێوە ئەوکات خێزانەکەتان چەند ئەندام بوون؟**

شوکریە محەمەد: چوار منداڵ و خۆم و پیاوەکەم، ئیتر دوای حەوت رۆژەکە جاش و جەیش هاتنە ناو دێیەکەمان و بەشێوەیەکی زۆر ناشرین چواردەوریان گرتین

**عەرعەر: لە پێشدا جاش هاتە ناو دیٚ یا سوپا؟**

شوکریە محەمەد: جەیش هات، بەڵام بەچاوساغی جاشەکان سەربازەکان بەرگی مغاویریان لەبەردا بوو، دوای ئەوە چواردەورمان گیرا، هاتن بەقسە ئێمەیان فریودا بەوەی گوایە حکومەت عافواتی دەرکردووە بۆتان، بەڵام پیاوەکەم و دوو ئامۆزای رەتیانکردەوەو وتیان ئێمە شەڕ دەکەین خۆمان نادەین بەدەستەوە، بەڵام ئەو خەڵکەی لەگەڵمان بوون، داوایانلێکردن شەڕ نەکەن، چونکە ژن و منداڵێکی زۆریان پێبوو، نەدەکرا شەڕبکەن و هەر چوارلاشمان گیرابوو، سوپاکە هەر چاوەڕێی ئێمە بوون، ئیتر دەستیان کرد بەڕەشبگیری‌و هەرچی پیاو بوو لەپێشدا دەستگیریان کردن، بەڵام پیاوەکەی من و یەك دوانێکی تر خۆیان تەسلیم نەکرد ، لەوێدا، بۆ رۆژی دواتر جەیش‌و جاشەکانی شێخ موعتەسەم بەرزنجی هاتنەوەو چوارلای خەڵکەکەیان گرتەوەو کۆیانکردنەوەو بردینیانە گوندی ئالیاواو هەر لەئالیاودا بەزیل پیاوەکانیان بارکردو بردنیان، دواتر ئێمەیان برد بۆ قادر کەرەم.

**عەرعەر: کە لەدیٚ هاتن ماڵ و کەلوپەلەکانتان چی لێکرد؟**

شوکریە محەمەد: کەلوپەلی چی ..! تەنها جلوبەرگی منداڵەکانم بەکۆڵ هەڵگرتبوو، هیچمان بۆ دەرنەچوو، خوا ئاگادارە جلوبەرگ نەبێت تاقە شتێکم لەوماڵە بۆ دەرنەچووە، دواتر کەبردینیان بۆ قادرکەرەم لەوکاتەدا یەکێك لەمنداڵەکانم لیٚ ونبوو، کاتێك گەیشتینە قادرکەرەم ئەو خەڵکە هەموو کۆکرابوونەوە، چوارلای بەسوپا گیرابوو، گوزەرانێکی زۆر ناخۆشمان هەبوو، لەویٚ پێیان وتین تاچەمچەماڵ دەتانبەین و لەوێوە دێنەوە، بەڵام من ویستم خۆم بشارمەوەو نەچمە ناو خەڵکەکەوە کە بەزیل باردەکران، ئەفسەرێك کەوتە شوێنم‌و وتی بۆ کویٚ دەڕۆی بگەڕێوە منیش رەتمکردەوەو هەر دەڕۆیشتم، هەڕەشەی لێکردم کەئەگەر نەگەڕێمەوە رەمیم دەکات، منیش وتم: منەتت

نەبێ بمکوژە، کاتێکم زانی فیشەکێکی نا بەبەرپێمەوە، منداڵە بچوکەکەم جێهێڵابوو بەپاڵ و قسەی ناشیرین خستیانمە ناو زیلێکەوە، لەناو زیلەکەشدا، دانەنیشتم، چوار عەسکەر میللی تفەنگیان لێ هێنابووینەوە هەر جنێویان پێدەداین.

**عەرعەر: باسی قادر کەرەمت کرد، لەوێ چۆن بوون لەگەڵتان کەس نەیتوانی لەوێدا دەربچێت لەدەستیان و نەگیرێت؟**

شوکریە محەمەد: لە قادر کەرەم هەندێ لەجاشەکان هاتن، ئەوەی خزم و ناسیاوی خۆیان بوایە (تەنها خزمی خۆیان) جلی خەستەخانەیان بۆ هێنابوون و دەیانبردن بەناوی نەخۆشی و منداڵبوونەوە رزگاریان دەکردن، لەوێ کۆمەڵێکی کەم نەبێت کەس دەرنەچوو، ئەمنەکان لەوێ پێیان دەوتین بۆ نایەن لەگەڵمان حکومەت بەقەد باوك چاکە بۆتان (ئێوەی کورد گشتان ئاژاوەچی و تێکدەرن).

**عەرعەر: دوای قادرکەرەم بۆ کوێیان بردن؟**

شوکریە محەمەد: بۆ تۆپزاوا، تۆپزاوای چی..؟! خوا ئاگای لێیە وەزعەکە ئەوەندە ناخۆش بوو بۆم باسناکرێت، زۆر زۆر نارەحەت بووین، لە تۆپ زاوا قاعەکان زۆر گەورە بوون، ئێمە لەیەکەم قاعەدا بووین، ئێستا نازانم بڵێم چەندە گەورە بوون، لەوێ دەستیانکرد بەناونووسینمان، لەو قاعانەی ناومان دەنووسرا ئیتر پیاوەکان لەشوێنێکی ترەوە دەچوونە دەرەوەو نەمان دەبینینەوە، کەدەشیان بردنە دەرەوە تەنها قەمیس و شەرواڵەکانیان لە بەردا دەهێشتن، نەیاندەهێشت هیچی تریان پێ بمێنێ، بەپاڵ و شەق وەشاندن و زللە دەیانبردن، لەوێشدا دەستیانکرد بەجیاکردنەوەی منداڵەکان لەدایکیان، لێیانپرسیم خوێندەواریت هەیە دەبێت ئیمزامان بۆ بکەیت، منیش وتم: نازانم، ئەفسەرێکیان لێی پرسیم ئەم هەموو ژنە خوێندەواریتان نییەو کەسی نازانێ تەمەنی چەندە (بەگاڵتەوە وایووت)، پێیوتم: تۆ هەموو شتێك دەزانی و پێشمەرگەی جەلال تاڵەبانیت، ئەو رۆژە تائێوارە هیچمان نەخواردبوو هەمووی هاواری بوو لەبرساندا، ئێوارە خواردنێکی کەمیان هێنا کەیەك مەنجەڵ بۆ نزیکەی 300 کەس، لەو قاعەدا کەسمان نانمان نەخوارد، چونکە زۆر کەم بوو، لەوکاتەدا دوو عەسکەر بەپێوەبوون بەتانەیەکەوە وتیان: (ها.. نان ناخۆن کوردە گێرەشێوێنەکان)و زۆر لەوە قسەی ناشیرنتریان کرد، لەکاتی شەودا منداڵ و ژن دەستیانکرد بەهاوارکردنی (میزمان) دێت، چونکە بەدرێژایی ئەو رۆژە ماوەی هیچ کەسێکیان نەدا بچێتە سەرئاو، دوای پاڕانەوەیەکی زۆر لێیان، ئەوجا رێیانداین بچینە سەرئاو، منیش بەهەلم زانی

نزیکبوومەوە لەقاعەی پیاوەکان کە لەولاترمان بوون هەندێکیانم لێدەناسین و پرسیاری حاڵیانم لێکردن ئەوان وتیان باش نین و نیگەرانی ژن و منداڵەکانن، کاتێك کەدەیانکردینە دەرەوەی قاعەکان بەقامچی بەردەبوونە ئەو خەڵکەو وەك حەیوان دەیانکێشا پیاماندا، شەوێك درەنگ لەوێش باریانکردین.

**عەرعەر: ئیتر پیاوو گەنجەکانتان نەبینیەوە؟**

شوکریە محەمەد: نا هەر ئەو تۆزە بینیم ئەویش بەس من بینیم، بەڵام زیاد لەپێویست لەگەنجەکانیان دەدا، بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش 64 کەسیان دەکردە سەیارەیەکی قەپاتەوە، زۆریان دەبورانەوە. لەتۆپزاواوە بردینیانە دوبز، بەڕێگایەکی زۆر ناخۆش و دووردا گەیشتینە ئەوێ لەقاعەیەکی گەورەو چۆڵدا دایاننااین، بەڵام پێیان وتین پێش ئێوە کۆمەڵێك پیری لێبووە پێش ئەوەی بمانبەنە دوبز بردینیانە ئەمنی کەرکوك، بەڵام وەریاننەگرتین، لەدوبز دوانزە قاعە دانرابوو کەبمانکەنە ناوی.

**عەرعەر: هۆڵەکان چەند کەسی دەگرت و چەندیان تێدەکرد؟**

شوکریە محەمەد: ئەو قاعەیەی منی لێبووم 176 کەسی تیابوو کەقاعەی یەك بوو، قاعەی دوو 270 کەسی تیابوو، ئیتر ئەوانی تر زیاتری تیابوو، بەتەواوی نازانم ئێستا لەبیرم چووەتەوە، ئەوکاتەی گەیشتینە دوبز هێندە ئازارمان چەشت، منداڵەکان بەرگەیان نەدەگرت، لەوێ مردنی منداڵەکان دەستیپێکرد، بەدرێژایی ڕێگا کە دوو ڕۆژی پێچوو هیچمان نەخوارد، بەڵام ژنەکان بیریان لای خواردن نەبوو بەس لەدەستدرێژی دەترسایین، چونکە هەمووومان ژن بووین پیاومان لەگەڵ نەبوو.

**عەرعەر: کچی گەنجیشتان لەگەڵ بوو؟**

شوکریە محەمەد: بەڵێ، کچێکی جوانمان لەگەڵدا بوو، کاتێك وتیان کچە گەنجەکان جیادەکرێنەوە ئەو کچە لەتاودا شێت بوو، بەدرێژایی ئەو شەش مانگەی لە دوبز بووین ئەو کچە گەنجەیان بەدارێکی حەوشەکەوە دەبەستەوە تەنها نەنکیشی لەگەڵدابوو. ئەوشەوە ڕۆژمان کردەوە بێ هیچ خواردنێك، بەیانی زوو هاتن هەندێ پەنیریان بۆ هەڵداین (وەك چۆن نان بۆ سەگ هەڵدەدەن ئاوا)، ئیتر ئەوەی لەدەرگاکەوە نزیك بوو بەریکەوت ئەوانەی دواوەش هیچ، لەناو خۆماندا ڕێکەوتین لەسەرئەوەی کە بەعەدالەت دابەشیبکەین، هاتین لەت لەتمان کردو یەکی پارچەیەکی بچوکمان بەرکەوت ئەویش بۆ منداڵەکان ئەگینا گەورەکان هیچ.

**عەرعەر: چەند مانگ لەدوبز مانەوە؟**

شوکریە محەمەد: نزیکەی شەش مانگ لەوێ ماینەوە، دوای ئەوە نۆ رۆژ لەتکریتیش ماینەوە، دەبوو لەوێوە ببرێینە نوگرەسەلمان، بەڵام نەگەشتینە ئەوکاتەو لێبوردنە گشتییەکە گرتینییەوە، شەش مانگی دوبزمان زۆر بەزەحمەت لێ رۆشت لەوێ زیاتر لەهەزار منداڵمان لێمرد، سەمونی رەقیان پێدەداین ئێمەش دەبوو ناوەکەی دەربەێنین و بەئاو نەرمی بکەینەوە ئەوجا بیدەین بەمنداڵەکان، لەدوبز رەزالەتمان زۆر بینی، دەچووین بۆ خواردن وەرگرتن بەقامچی دەیانکێشا بەسەرماندا.

**عەرعەر: دوای لێبوردنە گشتییەکە بەرەو کوێیان بردن؟**

شوکریە محەمەد: بردینیان بۆ تکریت، بەحاڵێکی زۆر ناخۆش تاوەکو ناو ئۆتۆمبێلەکە بەکێبلێ لێمانیاندا، ئەو ئۆتۆمبێلانەی دانرابوون بۆمان سەرگیراو (موقەپەت) بوون، لەدائیرەی ئەمنی تکریت دایانگرتین، لەسەر دیوارەکان نووسراوی پێوەبوو، مێژووەکەی تامانگی 8 پیاوەکانی تێدابوو، شەرواڵ و فانیلەی ئەلاگەیی و کراسی پیاوی تیابوو بەخوێنەوە جێهێڵرابوو، کاتێ ئێمە رۆیشتین فڕێماندان، لەتکریت نزیکەی 500 کەس بووین هەموویان نەهێنا بۆئەوێ ئەو 500 کەسە مەنجەڵێك برنج و تۆزێك باینجانیان دەکرد بەسەریدا، لەتکریت بووین ئەو رۆژنامانەیان بۆ هێناین کەبڕیاری لێبوردنەکەی تێدا بڵاوبووبووەوە، لێبوردنەکەی تێدا نوسرابوو، کەبڕیاری لێبوردنەکە هات، ئەمنەکان زۆریان پێناخۆش بوو پێی تێکچوون کەدایاندەگرتین لەداخا پاڵیان بەژنەکانەوە دەنا دوومەتر سێ مەتر فڕێیاندەدا و جوێنیان بەسەدام دەدا، ئەوان ئێمەیان بۆ کوشتن بردبوو کەچی..

**عەرعەر: مێردەکەت نەبینییەوە؟**

شوکریە محەمەد: ئەوکاتە بینیم لەئالیاوا سواری سەیارەیان کرد ئیتر نەمبینییەوە، بەڵام لەناو قاعەکەی خۆمان جل و پشتوێن و کراسەکەیم بینیەوە و ناسیمەوە کە هی مێردەکەمە.